# ناسنامەی فەرمیی حەسەن زیرەک

ئەنوەر سوڵتانی

"اداره ثبت احوال بوکان" وەک لقێک لە "سازمان ثبت احوال کشور" ڕێکخراوێکی حکوومی و سەر بە وەزارەتی ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. پێشتر ئەو ئیدارەیە ناوی "اداره آمار" یان "اداره آمار و ثبت احوال" بوو، کە سەد ساڵ پێش ئێستا بنیات نرا.

وێدەچێت ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی هەموو شارێک ماڵپەڕێکی بە زمانی فارسی بۆ ڕاگەیاندنی هەندێک زانیاریی پیشەیی لە سەر ئینترنێت هەبێت، بەڵام ئەو ماڵپەڕانەی من چاوم پێیان کەوتووە، بە گوێرەی سیاسەتی حکوومەتی مەلاکان، زیاتر پڕوپاگەندەی ئایینی و سیاسییان تێدا بەرچاو دەکەوێت تا زانیاریی پیشەیی.

ماڵپەڕی ئیدارەی  سەبتی ئەحواڵی بۆکان یەک لەو ماڵپەڕانەیە و دەکرێ لە سەر ئەم ئەدرەسە بدۆزرێتەوە: http://www.sabteahval.ir/

لە سەر لاپەڕەی یەکەمی ماڵپەڕەکە ستوونێک هەیە بەناوی "گنجینه اسناد". لەو ستوونە تایبەتەدا کۆپیی ناسنامەی هەندێک کەسایەتی ناوداری شار و گوندەکانی دەوروبەری خراوەتە بەرچاو.

ئاشکرایە ئیداراتی دەوڵەتی لە شارەکانی ئێران، ئەگەر ئاڵۆزییەکانی ساڵانی ڕاپەڕینی ١٣٥٧ نەیشێواندبێتن، یان پاسدار و بەسیجی و حزب اللهی و سەربازانی وونی ئیمامی زەمان تەشریفی ناموبارەکیان زەفەریان پێ نەبردبێتن، دەبێ خاوەن متمانەترین ئارشیڤی پەیوەندیدار بە کاروباری پیشەیی خۆیانیان پاراستبێت.

ئەوەندەی من لەبیرم بێت، لە ماوەی ساڵانی ١٣٥٧و دەوروبەریدا، کە پێشمەرگە لە ناو شاری بۆکان بوو، کەس بەلای ئیدارەی سەبتی ئەحواڵدا نەچوو و دەستی لێ نەدرا و بەڵگە و ئەوڕاقەکانی سەلامەت و بێ کێشە مانەوە، فەرمانبەرانیشی خەڵکانێکی بەرپرس و جێگەی باوەڕی خەڵک بوون. بەڵام دواتر، واتە دوای هاتنەوەی هێزەکانی حکوومەت، چی لێ بەسەر هاتبێت، ئاگادار نیم.

هەرچۆنێک بێت، لە سەر ستوونی "گنجینه اسناد"ی ماڵپەڕەکە ناوی هەندێک کەسایەتی وەک مامۆستا عەبباسی حەقیقی، سوارەی ئێلخانی زادە، هونەرمەندان عەلی خەندان و قالە مەڕە و عوسمانە سوور و ١٤ کەسی دیکە ڕاگەیێنراوە کە یەکیان 'حەسەن زیرەک'ە و بە کلیک کردن لە سەر ناوەکەیان کۆپییەکی "اظهارنامه" واتە ئەو بەڵگەنامە فەرمییە دەردەکەوێت کە لە کاتی داواکردنی ناسنامەدا دەبوایە پڕ بکرێتەوە و دوو شاهیدیش ئیمزای بکەن. لە ڕاستیدا، ئەو فۆرم یان ئیزهارنامانە وەک ڕەشنووسی ناسنامەی کەسەکەن، کە بە هەندێک تەفسیلاتی زیاترەوە نووسراون و لە ناو فایلەکانیاندا ڕاگیراون. ناسنامەکەش لە سەر بنەمای ئەو "اظهارات"ە پێکهاتووە کە لەلایەن داواکارەوە نووسراوە.

کاتێ لە سەر  هەمان لاپەڕەی یەکەم، کلیک لەسەر ناوی "اولین رئیس ثبت احوال بوکان" دەکەی، بەڵگەیەکی پەیوەندیدار بە تایبەتمەندییەکانی ڕێزدار 'جەعفەری عەزیزی' دەردەکەوێت کە

کەسایەتییەکی خۆش ناوی شاری بۆکانە. ئەو بەڵگەیە پیشان دەدات کە دەبێ لە سەردەمی بەرپرسیایەتی کاک جەعفەردا ناوی "ادره آمار و ثبت احوال" گۆڕابێت و بووبێتە "اداره ثبت احوال". گۆڕانکارییەکەش وێدەچێت دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ ڕوویدابێت. بەداخەوە نە ماڵپەڕەکە و نە تەنانەت ماڵپەڕی گشتیی "سازمان ثبت احوال کشور" کە مێژوولکەیەکی چەند دێڕیی ڕابردووی ڕێکخراوەکەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، هیچکامیان دەست نیشانی ئەوەیان نەکردووە کەی ناوی"اداره آمار و ثبت احوال" گۆڕا و بوو بە "اداره ثبت احوال" و ئەوە ناتەواوییەکی بەرچاوی سیستەمی حکوومەتیی مەلاکانە، کە شوێنی کاروباری پیشەیی وڵاتەکەشیان کردۆتە گۆڕەپانی دۆعا و نزا و پاڕانەوەی بەدرۆی ئایینی و ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیان لەبیر چۆتەوە.

هەر لەو ستوونەدا کاتێ کلیک لەسەر ناوی یەکەم سەرۆکی "اداره آمار" دەکەی، وێنەیەکی مێژوویی چەند کەس دەردەکەوێت کە لە ناویاندا "ئاراستە" ناوێکە وەک سەرۆکی ئەودەمی ڕێکخراوەکە لە بۆکان. ئەوەندەی من بزانم و بیستبێتم، ئاراستە لە برادەرانی ئازەربایجانی بوو. ماڵپەڕەکە بە داخەوە نە ناوی تەواوی ئەو کەسە و نە ساڵی کرانەوەی ئیدارەکە لە بۆکانی ڕانەگەیاندووە؛ تەنانەت نەیاننووسیوە ئەو وێنەیەی وا لەوێیان داناوە لە چ ساڵێکدا هەڵگیراوە کە بتوانرێت بە حیسابی ئەو، مەزندەکانی خۆت سەبارەت بە کاروباری ڕێکخراوەکە و ساڵ و مانگەکەی ڕاست بکەیەوە. بەڵام بە بۆچوونی من، کە لە سەر بنەمای ژیانی کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە دانراوە، ئەو وێنەیە هی ساڵانی سەرەتای ١٣٢٠ ەکانی هەتاویی (١٩٤٠ ەکانی زایینی)یە. کەسایەتییە بۆکانییەکانی دیکەی ناو وێنەکە بریتین لە" قازی کاکە حەمەی قزڵجی، حاجی ساڵحی حەریری، سەیدی بەننا ( سەیید عەبدولقادری هاشمی) و سمایل قازاق دیهبانی ئەودەمی بۆکان، کە بە داخەوە هیچکامیان لە ژیاندا نەماون.

هەرچۆنێک بێت، لێرەدا سەرەتا وێنەی ئەو "اظهارنامه" یە دەخەمە بەرچاو کە بۆ وەرگرتنی ناسنامەی حەسەن زیرەک ، لە لایەن باوکی و دوو شاهیدەوە پڕ کراوەتەوە، پاشان دەقی نووسراوەکانی سەر "اظهارنامه"کە دەنووسمەوە بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی دەقەکەدا یارمەتی خوێنەرم دابێت. شاهیدی یەکەمی ناو بەڵگەنامەکە 'حاجی ابراهیم محمدیان'ە باوکی حاجی حەمە سەعید و حاجی حەمەڕەشیدی محەممەدیان و باپیری کاک ڕەحمانی محەممەدیان نووسەری کۆچکردووی دووبەرگ مێژووی "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"یە، کە پیشەی بەززازی واتە کووتاڵ فرۆشی بووە. شاهیدی دووهەمیش 'حاجی عبداللە کریمی بوکانی' جەڕڕاحی سوننەتی و باوکی میرزاحەمەکەریمی کەریمی و باپیری کاک عەبدوڵڵای کەریمی مامۆستای خانەنشینی قوتابخانەی ناوەندیی بۆکان بووە. هەردوو شاهیدەکان خزمایەتییەکی سەبەبییان لەگەڵ یەکتردا هەبووە و کاک عەبدوڵڵای باوکی حەسەن زیرەکیش بۆ ماوەیەک ڕەنجبەری ماڵی شاهیدی یەکەم بووە.

"اظهارنامه"کە خۆی لە ساڵی ١٣٠٧ [١٩٢٨] دا پێکهاتووە و ڕەنگی جەوهەری نووسینەکانی بنەوشن. بەڵام ١٠ ساڵ، ٢٠ ساڵ یان ٣٠ ساڵ دواتریش هەندێک ژمارە و ڕەقەم لەم لا و ئەولای وەرەقەکە نووسراون کە وێدەچێت خۆی یان کەسانێکی دیکە چووبێتنە ئیدارەی سەبتی ئەحواڵ و داوای 'ڕونوشت'، یان 'مصدق'، یان 'کۆپی'یان کردبێت یان لەبەر هەر هۆکارێکی دیکە، ئەو ژمارە و ڕێکەوتانە لە سەر بەڵگەکە نووسرابێتن.

له سەر بەڵگەنامەکەی ئیدارەی ثبت احوال، دوو وێنە دەبینرێت. ئەوی ڕەش و سپی وێنەی سەردەمی لاویەتی حەسەن زیرەکە، کە دەبێ کۆنترین وێنەی ئەو هونەرمەندە بێت تا ئێستا کەوتبێتە دەست. وێنەکە و لە هەمان ساڵی وەرگرتنی ناسنامەکە، واتە ١٣٠٧ ی هەتاوی [١٩٢٨ ی زایینی] یان بە ماوەیەکی کەم پێش ئەو، هەڵگیرابێت. لەو ساڵانەدا ئەگەر وێنەگرێک لە بۆکان بووبێت، بە ئەگەری زۆر، سمایل ئاغای فەڕوخی بووە و پێش ئەو، خەڵک بۆ وێنەکێشانی فەرمیی ئیدارات، چوونەتە شاری سەقز. وێنە ڕەنگییەکە بە جل و بەرگی کوردییەوە، هی ساڵانێکی گەلێک دواترە و ئیدارەی سەبتی ئەحواڵ هاوڕێ لەگەڵ هەندێک زانیاریی سەبارەت بە حەسەن زیرەک لەوێی داناوە، کەوابوو، هیچ پەیوەندێکی بە ناسنامەکەوە نییە.

<u>یەکەم، بەڵگەنامەکە خۆی:</u>



وزارت داخله

ورقه اظهارنامه

سجل احوال

شهر ........ قریه ........

قصبه ........ نمره دفتر ولایتی ........

نمره اظهار نامه ........

در تاریخ ..١٦.. ماه ..٧.. ١٣..٠٧..

اظهار کننده ذیل — به معیت شهود ذیل

اسم و نام خانواده ........

شغل ........

منزل ........

اطلاعات راجعه به هویت شخص ذیل را به این طریق اظهار داشت :

اسم ........ تاریخ تولد ........ اسم و نام خانواده پدر ........

نام خانواده ........ محل تولد ........ نمره ورقه هویت پدر ........

شغل ........ سواد فارسی ........ شغل پدر ........

سن ........ مذهب ........ عده اولاد ........ اسم مادر ........

مسکن ........ عده عیال ........ درجه نسبت باظهار کننده ........

امضاء اظهار کننده — امضاء مأمور سجل احوال

امضاء شهود

ل - ١٢٤٧

بسم الله الرحمن الرحیم

زندگینامه مرحوم استاد حسن زیرک

استاد مرحوم حسن زیرک در تاریخ ١٣٠٠/٩/٨ در شهر بوکان متولد شد از همان دوران کودکی و نوجوانی علاقه زیادی به خواندن آواز داشت و با داشتن صدای منحصر به فرد توانست توجه همگان را به آواز خویش جلب نماید ایشان در دوران جوانی چندین بار به کشور عراق رفته و همکاری زیادی با رادیو و تلویزیون وقت عراق در بغداد داشت و در ایران نیز همکاری زیادی با هنرمندان بزرگی چون مجتبی میرزاده و گروه موسیقی ملی ایران داشته و ترانه های زیبا و بسیار زیادی از ایشان بجامانده که دراکثر اشعار و موسیقی . متن آن را نیز خودش ساخته .

وی بیش از ١٥٠٠ ترانه در دوران زندگی خود اجرا نموده که اغلب این ترانه ها برروی کاست در کشورهای ایران و عراق و علی الخصوص مناطق کردنشین طرفدارن زیادی پیدا نموده است .

شادروان حسن زیرک در سال ١٣٥٤ در شهر بوکان به علت بیماری سرطان کبد چشم از جهان فرو بست و بنا به وصیت خودش در دامنه کوه نعل شکن به خاک سپرده شد .

سازمان ثبت احوال کشور

اداره کل ثبت احوال آذربایجان غربي

دووهەم، نووسینەوەی دەقی بەڵگەنامەکە:

*نووسراوە و نیشانەکانی ناو کەوانی چوارگۆشە [...]، زیادکراوی منن یان ئەو شوێنانەن وا بۆم نەخوێنراونەتەوە:*

*[آرم شیر وخورشید]*

وزارت داخله

**(ورقه اظهارنامه)**

سجل احوال

شهر: -

قصبه: -

نمره اظهارنامه: ٧٩ *[؟]*

قریه: بوکان

نمره دفتر ولایتی: ٢ *[؟]*

---

٩٩٠٦٦٣ ب ٣

---

١٨/٩/٨ *[یا ٢٨ ؟] [= ١٩٣٩/١١/٢٩ [یا١٩٤٠ز]]*

٢٨٠٩٨٥ ش *[...؟]*

---

٣٩/٢/٢٨ *[؟][= ١٨ یا ١٩٦٠/٣/١٩ز[؟]]*

١٨ *[؟]*

-------

١٣٤٧ *[=١٩٦٩ یا ٧٠ز]*

**در تاریخ ١٣١٧/٧/١٦ = *[١٩٣٨/١٠/١١ز]***

**اظهارکننده ذیل:**

اسم و نام خانواده: عبدالله زله بوکانی

شغل: فلاحت

منزل: بوکان

**به معیت شهود ذیل:**

حاجی ابراهیم محمدیان

شغل: بزاز

منزل: بوکان

حاجی عبدالله کریمی بوکانی

شغل: جراح

منزل: بوکان

*[مهر به رنگ سبز روی کلمات:*

*آرم شیر وخورشید*

*شناسنامه [....؟]*

اداره ثبت احوال مهاباد]

اطلاعات راجعه به هویت شخص ذیل را به این طریق:

---

اسم: حسن

نام خانواده: ~~زله بوکانی~~ زیرک *[خطی با مرکب آبی بر روی این دو کلمه کشیده شده، جلو آن نوشته شده است: زیرک]*

شغل: ---

سن: ---

مسکن: بوکان

تاریخ تولد: هفتم قوس یکهزارو سیصد شمسی ۱۳۰۰*[قوس= آذر][=۱۹۲۱/۱۱/۲۸ز]*

محل تولد: بوکان

سواد فارسی: ندارد

عده اولاد: ندارد

عده عیال: ندارد

اسم و نام خانواده پدر: عبدالله زله بوکانی

نمره ورقه هویت پدر: ۷۵۰ *[؟]*

شغل پدر: فلاحت

اسم مادر: آمینه
درجه نسبت به اظهار کننده: پسر ...*[؟]*

---

امضاء اظهار کننده: *[یک اثر انگشت]*

*[مهر مستطیلی شکل آبی رنگ]*: مأمور سجل احوال ساوجبلاغ مکری

امضاء مأمور سجل احوال: *[امضاء دیده نمیشود]*

امضائ شهود: *[دو عدد مهر بیضی و دایره‌ای شکل به رنگ آبی. نوشته‌های روی مهر به‌خوبی خوانده نمیشوند ولی بر روی یکی از آنها کلمه "محمد" یا "محمدیانی" قابل رویت است که باید متعلق به شاهد نخستین یعنی حاجی ابراهیم محمدیان باشد]*

*[عکس یک نوجوان، که قاعدتا باید متعلق به صاحب شناسنامه یعنی حسن زیرک باشد، با دو سنجاق به ورقه الصاق شده است و به احتمال زیاد امضاء مأمور سجل احوال را پوشانده است]*

<u>هەندێک ڕوونکردنەوە و تێبینی:</u>

1. بەگوێرەی بەڵگەنامەکە، نەمر حەسەن زیرەک، لە ڕۆژی ۱۳۰۰/۱۱/۷ ی هەتاوی لە شاری بۆکان لەدایک بووە. ئەو ڕێکەوتە بە گوێرەی ڕۆژژمێری زایینی، دەکاتە ۱۹۲۱/۱۱/۲۸ت زایینی.
2. ناسنامەکە ۷ ساڵ دوای لە دایکبوونی حەسەن زیرەک لە ساڵی ۱۳۰۷ [۱۹۲۸ز] وەرگیراوە. لە کاتی وەرگرتنی ناسنامەکەدا، ناوبراو ئیش وکاری نەبووە یان بۆی تۆمار نەکراوە.
3. ناوی باوکی حەسەن زیرەک عەبدوڵڵا و ناوی باوکی ئامینە بووە.
4. لە کاتی وەرگرتنی ناسنامەکەدا لە بۆکان ژیاوە.
5. ئاشکرایە لەو تەمەنەدا هاوسەر و منداڵی نەبووە. سەرنجڕاکێشە لە شوێنی پرسیاری هاوسەر و منداڵدا پرسیارەکە بەم شێوەیە کراوە: ژمارەی هاوسەران! ژمارەی زارۆکان.
6. لەو ساڵەدا خوێندەواریی نەبووە. خاڵی گرنگ ئەوەیە بەڵگە فەرمییەکە پرسیاری "خوێندەواریی فارسی" دەکات نەک خوێندەواریی بەگشتی. واتە ئەگەر کەسەکە خوێندەواریی کوردی یان تورکی یان عەرەبی بووبێت، شوێنێک بۆ تۆمار کردنی دیاری نەکراوە! ئەوەش لەگەڵ سیاسەتی ڕەزاشاییدا یەک دەگرێتەوە. ڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی ۱۳۰٤ ەوە تا ۱۳۲۰ [۱۹۲۵ تا ۱۹٤۱ز] شای ئێران بووە.
7. ناوی "ورقه هویت" درەنگتر بووە بە "شناسنامه". ئەوەش بەگوێرەی سیاسەتی "فارسیزە" کردنی وشە عەرەبییەکان، کە لە سەردەمی ڕەزاشادا پەیڕەو دەکرا.
8. وەک پێشتر گوترا، لە بەڵگەنامەکەدا، ناوی بنەماڵەیی حەسەن زیرەک سەرەتا، وەک "زلە بۆکانی" نووسراوە و ئەوەش بە حیسابی باوکی خۆی کە لە شاریدا بەناوی عەبە زلەوە

ناسراوه. پاشان له سەردەمێکی نەزانراودا، به دەستخەتێکی جیاواز و به جەوهەرێکی شین، هێڵی لەسەر کشاوه و کراوەته "زیرک".

لەو پەیوەندییەدا دەبێ بگوترێت که له دەستەڕاستی بەڵگەنامەکه به جەوهەری سوور نووسراوه: "راجع به نام خانوادگی به ظهر سند مراجعه شود" واته سەبارەت به ناوی بنەماڵەیی [شوهرەت] بڕواننه پشت بەڵگەنامەکە". به داخەوه نووسراوی پشت ناسنامەکه له سەر ماڵپەڕەکه دانەنراوه و ئێمه نازانین چ ڕوونکردنەوەیەک لەوبارەیەوه ڕاگەیێنراوه، مەگەر کاربەدەستانی ئیدارەکه هیممەت بکەن و دواتر کۆپیی ئەو یادداشەش بۆ ئاگاداریی خەڵک، له سەر ماڵپەڕەکه دابنێن.

ڕاسته کاک عەبدوڵڵای باوکی زەحمەتکێشی حەسەن زیرەک له بۆکاندا به "عەبه زله" ناوبراوه بەڵام کابرای سجیل نووس دەیتوانی له جیاتی عەبدوڵڵا زله، سووک و سانا بنووسێت عەبدوڵڵا زاده یان عەبدوڵڵا پوور و شتی لەوچەشنه، ئەگەر نەیکردووه، یەکەم لەبەر دەماخ بەرزیی مەئموورەکه و دووهەم لەبەر ئەو سووکایەتییه بووه که مەئموورانی ڕەزاشایی، تەنانەت مەئمووره خۆجێ ییه کوردەکانیش به ڕەعیەت و زەحمەتکێشیان کردووه و به چاوی سووکەوه سەیریان کردوون. ئەو دیاردەیه له سەردەمی پەهلەوی دووهەمیشدا درێژەی کێشا و ژاندارم یان پۆلیسێک له شوێنی دەسەڵاتی خۆیدا، خۆی به کەمتر له شا و خەڵکی به زیاتر له ڕەعیەت و نۆکەرێک سەیر نەکردووه. ئێستا و له سەردەمی مەلای لابەلاشدا، دۆخەکه گرژتر له جارانه و سوپایی و بەسیجیيەکانی ئیمامی زەمان له کوردستان، واهەیه به چاوی دوژمن و دژه ئایین بڕواننه خەڵکانی سوننەی ناوچەکه، نەک شتێکی لەوانه باشتر.

ئەوه چارەنووسی گەلەکەمان بووه له هەموو ماوەی دەسەڵاتی شاهەنشاهیەکەی پەهلەوییەکاندا، که یەکەمیان به ئاماژەیەکی ئاغا ئوروپاییەکانی خۆی، شاربەدەر و شابەدەر! کرا و دووهەمیان که "شێر بوو له ڕاوی مسکین دا"، به بەرزکردنەوەی دوو پەنجەی خەڵکی ڕاپەڕیو بەغدا بوو به نیوەی ڕێگەی و تەنیا به خێر و حەسەناتی ئەنوەرسادات، گۆڕێکی بۆ خۆی دۆزییەوه! چارەنووسی مەلای قوم و مەشهەدیش لەوان باشتر نابێت به مەرجێک که گەلەکەمان یەکگرتوو بێت و حزبه سیاسییەکان نەیکەن به دەیان کوتەوه!

لەندەن،
٢٠١٩/١/١١